# سەرکەوت سدیق ئازاد کرا

لە ژێر فشاری یاساییدا لە دوای شەش رۆژ لە زیندانی کردن، هەڤاڵ سەرکەوت کە لە سلێمانی لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر کرا، رۆژی سێ شەممە ئازادکرا، هەڤاڵی ناوبراو کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی پارتی چارەسەری دەستگیردەکرێت لە رۆژی چوارشەممەی رابردووە لە زیندانی ئاسایشدابوو، سەرکەوت لە لێدوانێکیدا ووتی ئەو ماوەی کە لە ئاسایشدا بووم چوار رۆژیان مانم لە خواردن گرتبوو، چونکە دەمزانی گرتنەکەم نایاسایی بوو،بۆیە سەرئەنجام بە هەوڵی هەڤاڵانم بەربووم، دواتر سەبارەت بە رەوشی زیندانەکەی ووتی لە لایەن هەندێك کەسەوە سوکایەتی زۆر بە بیرو باوەڕەکەم کراو هانیان دەدام بۆ ئەوەی کە واز لە تێکۆشان بهێنم، منیش بەڵێن دەدەم کە لەکارەکانمدا زیاتر سوربم و باشتر کاربکەم.